

## دونیا شەهیدی:

# لەمنداڵییەوە حەزم لە دەف بووە، زۆربەی ئەندامانی خانەوادەکەم هۆگری ئەم ئامێرەن



**لە شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان چەندین گرووپی هونەری هەن، کە موزیکی رەسەنی کوردی پێشکەش دەکەن و هەوڵ دەدەن بە رێگای کارەکانیانەوە زیندووی بکەنەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو گرووپ و تیپانە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری ژەنیارەکانیان ئافرەتن و ئەو ئامێرانە دەژەنن کە زیاتر پیاوان پێی ناسراون وەك دەف و دەهۆڵ، دونیا شەهیدی یەکێکە لە دەف ژەنە ناسراوەکانی شاری کرماشان و گرووپی دایراك خاتوون کە هەموو ئەندامەکانی ئافرەتن، ئەو خانمە هونەرمەندە سەرەتا وەك حەز دواتر بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەفی ژەنیوە و ئێستاش بەردەوامە، بەڵام وەك خۆی دەڵێ ئافرەتان ناتوانن بە ئازادی و بە تەنیا گۆرانی بڵێن بۆیە تا ئێستا گۆرانیی نەوتووە و تەنیا دەف و چەند ئامێرێکی دیکەی ژەنیوە، دونیا شەهیدی لەم دیمانەیەدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە.**

*** پەیوەندیی نێوان تۆ و دەف چۆن دروستبوو؟**

- یەکـــەم ئامێری موزیك كە چـــاوم پێیکەوتبێـــت و دەنگی بە گوێچەکەمـــدا چووبێت دەف بوو، چونکە من لە خانەوادەیەك گەورە بـــووم کە هۆگری ئەم ئامێرە بوون و کەســـە هەرە نزیکەکانم ژەنیارو شـــارەزای ئەم ئامێرە بوون و لە تەکیە و خانەقاکانیشـــدا لێیان دەدا، ئەمـــە وای لە من کرد کە هەر لەمنداڵییەوە خۆشەویســـتیم بۆ ئەم ئامێرە زیاد بێت، بەڵام تا ســـاڵی ٢٠٠٢ وەك ژەنیار نەمگرتە دەست، چونکە ئەو کات بۆ ماوەی چەند مانگێك چوومە لای مامۆســـتا موحســـینی ئەمینی بۆ ئەوەی بە ڕێگەیەکی زانستی فێری ژەنینیم بکات، جار جاریش لای ئامۆزاکەم فەرید هاشـــمی لەسەر دەف کارم کردووە.

*** جگە لە دەف ئامێری دیکەش دەژەنن؟**

- بەڵێ سەرەڕای خۆشەویستیم بۆ دەف لەسەر ئامێری تونبەکیش کارم کردووە، هەروەها تەمبوریش دەژەنم، جگە لەمانە ئێستا خەریکم خۆم فێری ژەنینی ئامێری ئۆدۆم لەگەڵ مامۆســـتا موســـلیمی زارعی.

**• ئێوە تەنیا دەف دەژەنن یاخود گۆرانیش دەڵێن؟**

- لـــە گروپەکەماندا تەنیا ئامێـــری دەف دەژەنم و جارجاریش دەهـــۆڵ لێدەدەم، بەڵام لەبـــەر ئەوەی بە تەنیا کارم لەســـەر گۆرانیی وتـــن نەکردووە و ئەگەر گۆرانیشـــم وتبێت ئەوا بـــە کۆرس بووە، بۆیە گۆرانیم نەوتووە، هەروەها لای ئێمە نەبـــووە ئافرەتێك بە تەنیا گۆرانـــی بڵێ لە بەرامبەر پیاواندا و دەبێ بە کۆرس بیڵێت یان لەگەڵ پیاواند.

*** لـــە رۆژهەڵاتـــی کوردســـتان ئافـــرەت بەشێوەیەکی بەرچاو لـــە گروپەکانی موزیکـــدا ا بوونی هەیە، پێتوایـــە هۆکاری چییە ئافرەتان توانیویانە شوێنی خۆیان بکەنەوە؟**

- لەم چەند ســـاڵەی ڕابردوودا ئافرەتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شـــوێنێکی دیار و بەرچاویان لە گرووپە هونەرییەکاندا هەیە ئەمەش جێگای خۆشـــحاڵییە، چونکە نیشـــانەی گرنگیدانـــە بە هونەری ئافرەتان، ئەم گرنگیدانـــەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئافرەتان بتوانن زیاتر شـــوێنی خۆیان بکەنەوە و کاری جوانتر پێشکەش بکەن و زیاتر بچنە نێو قوڵایی موزیکەوە ئەگەرچی وەك گۆرانیبێژ هێشـــتا ئەم دەرفەتەیان بە تەواوی بۆ نەڕەخساوە.

*** لـــە گروپەکەی ئێوە ئافرەتان تەنیا دەف ژەنن یان لە ئامێرەکانی دیکەی موزیکیش بەهرەمەندن؟**

- لەو گرووپانەی کارم تێیدا کردووە بەو شێوەیە بووە کە تەنیا دەف بژەنـــم ئەمەش بۆ ئەوەی کە لە هـــەر گروپێکی موزیکیدا ئافرەتێك هەبێت بتوانێت زۆر بەباشـــی تواناکانی خۆی نیشان بدات، هەروەها ژەنینـــی دەف لەلایەن ئافرەتەوە جۆرێـــك لە جوانی و تایبەتمەندێتی دەبەخشـــێت، بەڵام ئافرەتان ئامێری دیکەش دەژەنن جگە لە دەف، بۆ نموونە لە گرووپی دایراك خاتوون من تەنیا دەفم دەژەنی و خاتوو سارا ئەحمەدیـــان تونبەك و ئاتوی دەژەنی و ئافرەتانی دیکەش هەموویان تەمبوورەیان دەژەنی، هەروەها لـــە گرووپەکانی تر ئافرەتانمان هەیە زۆر بە جوانی و ســـەرکەوتوویی ئامێرەکانی ڤیولین و سەنتور و تار دەژەنن.

*** لە کرماشـــان چەنـــد گرووپی موزیك هەیە کە ئافرەتیان تێیدا بێت و ڕۆڵیان بەرچاو بێت؟**





- ئەوەی من تێبینیم کردبێت ئێستا لە زۆربەی هەرە زۆری گرووپە موزیکییەکانی کرماشان ئافرەتی موزیکژەن هەن کە زۆر بەباشی کاری خۆیان دەکەن و ئامێری جیاجیا دەژەنن، بۆ نموونە لە گرووپی خەیام کە یەکێکە لە گرووپە ناسراو و ناودارەکانی کرماشان، خاتوو ئیلهامی یەزدان پوور ئامێری سەنتور دەژەنێت و خاتوو مەرجان ئامێری کەمانچە دەژەنێت و کارەکانیان جێگای شانازی و دەستخۆشین.

*** بۆچی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئافرەتان زیاتر وەك موزیکژەن دەردەکەون نەك وەك گۆرانیبێژ؟**

- بە پێچەوانەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان چەندین ئافرەتی زۆر دەنگخۆش و بە توانامان هەیە بۆ نموونە خاتوو چیمەن رەحمانی کچی خوالێیخۆشبێت یەدوڵڵا رەحمانی یەکێکە لەوانە، بەڵام بەداخەوە ئافرەتانمان ناتوانن بە تەنیا لە جێگایەك گۆرانی بڵێن کە پیاو لێی دانیشتوون و دەبێ لەگەڵ گۆرانیبێژێکی دیکە یان لەگەڵ چەند ئافرەتێکی دیکە بەشێوەی کۆرس گۆرانی بڵێن بۆ ئەوەی بە باشی دەنگی هیچیان دەرنەکەوێت، چونکە ناتوانن خۆیان بە باشی نیشان بدەن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەندێك گرووپی زۆر بەناوبانگمان هەیە وەك کامکاران کە گۆرانیبێژی ئافرەتیان هەیە و دەتوانن بە تەنیا گۆرانی بڵێن.

*** پێتوایە بۆچی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە پارچەکانی دیکە گرنگی بە موزیکی سوننەتی دەدرێت؟**

- رەنگە منیش لەگەڵ تۆ هاوڕا بم لەو بابەتە، بەڵام راستییەك هەیە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت ئەویش ئەوەیە کە ئێمە پێویستە لەو شوێنە بژین و بەو حوکمەش ئەو موزیکە کوردییەی گوێمان لێی دەبێت و دەیژەنم و فێری دەبم هەموو موزیکی سوننەتییە، ئەمەش بووەتە هۆی تێکەڵ بوونی ئێمە بەو موزیکە و راهاتنی گوێچکەمان بەو ئاواز و موزیکە و لە هزر و بیری ئێمەدا جێگای خۆی کردۆتەوە.

*** بە رای تۆ لە باشووری کوردستان بۆچی موزیك وەك پێویست هەنگاوی نەهاویشتووە؟**

- بێ گومان لە باشووری کوردستاندا چەندین هونەرمەندی گەورە و ناسراو هەن کە خزمەتێکی زۆری هونەری کوردیان کردووە و جێگای شانازیی هەموو کوردێکن لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەم هونەرمەندانە کاری زۆریان لەو بوارەدا کردووە، بەڵام بەداخەوە لەبەر بوونی شەڕو شۆڕ و چەند هۆکارێکی دیکە بۆ ماوەی چەند ساڵێك نەیانتوانی بە باشی کاری هونەری خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، چونکە رێگای هونەر و پێشخستنی هونەری کوردییان لێگیرا بوو بگرە ئاستەنگیشیان بۆ دروست دەکرا، سوپاس بۆ خوا ئێستا لە سایەی ئازادی دەبینین بەردەوام کاری جوان پێشکەش دەکرێ و هونەری کوردی بەرەو پێش هەنگاو دەنێت

*** پەیوەندیتان لەگەڵ تیپ و گرووپەکانی موزیك چۆنە؟**

- لەگەڵ زۆربەی گرووپە هونەرییەکان پەیوەندیی باشمان هەیە و توانیومانە هەریەکەمان بە جۆرێك سوود لەوی تر وەربگرین، دەمەوێ ئەوەش بڵێم هەر یەکێك لەو گرووپانە بەپێی توانای خۆی خزمەتیان بە هونەری کوردی کردووە و بۆ من جێگای شانازییە کە کارم لەگەڵیاندا کردووە.

*** لە گروپەکەتان هەوڵی کردنەوەی خولی فێربوونی دەف و ئامێرەکانی دیکە دەدەن؟**

- بەڵێ لە زۆربەی ئەو گروپانە کە من پەیوەندیم پێوە کردوون ئەگەرچی بۆ فێربوون و پەیدا کردنی شارەزایی زیاتر لەسەر دەف چووم، لە هەمان کاتدا هەوڵمداوە خۆم زیاتر کار بکەم، هەروەها لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی تیپەکە بەردەوام هەوڵ دەدەین سوود لە یەکتری وەربگرین و شتی نوێ فێر بین.

*** وەك تیپێکی موزیکی کوردی ئایا هیچ سوودێکتان لە موزیکی فارسی وەرگرتووە؟**

- لە گرووپی دایراك خاتوون زیاتر گرنگی بە پێشخستنی تەمموورە دەدرێت و بناغەیەکی سەرەکییە بۆ مەقامەکانی، بۆیە تا ئێستا کارێکی وامان نەکردووە کە تێکستەکەی فارسی بێت، بەڵام پێویستە کار لەسەر تێکستی فارسیش بکەین، چونکە زۆر لە گروپە بەناوبانگەکانیش کاریان لەسەر تێکستی فارسی کردووە.

کەچی لە هەندێك گرووپی دیکە لەگەڵ مۆسیقای کوردی کاری سوونەتیشیان کردووە، تا گەیشتە ئەو رادەیەی کارەکانین بەجۆرێك بێت کە هەردوو موزیکی کوردی و فارسی تێکەڵ بکرێت و جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا هەستی پێ ناکرێت.

*** ئایا پێتوایە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان موزیکی کوردی و فارسیدا هەیە؟**

- بەڵێ بێ گومان جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوانماندا هەیە، چونکە لەرووی جوگرافییەوە ئێمە نزیك لە یەکتر دەژین و زمانیشمان تا رادەیەکی زۆر لە یەکتری نزیکە، ئەمانە هەموویان بوونەتە هۆی ئەوەی لەرووی هونەرییەوە هەردوو کاریگەرییان بەسەر موزیکی یەکترییەوە هەبێت، من بۆخۆم گوێ لە زۆر کاری هونەری فارسی دەگرم، کە هەمان کاری کوردییە، بەڵام بە تێکستی فارسی ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پەیوەندی لە نێوان هەردوو لادا هەیە.

*** ساڵانە وەك گروپ چەند کار و چالاکیتان هەیە؟**

- وەك گرووپ ئێمە بەردەوام بەشداری لە فیستیڤاڵەکاندا دەکەین و زۆربەی ساڵانیش کۆنسێرتمان هەیە، ئێستاش خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ساز کردنی کۆنسێرتێك لەم مانگە لە شاری کرماشان کە گرووپی تەمموورە سازی دەکات، من خۆم ئێستا سەرپەرشتی گرووپێکی هونەری دەکەم و سەرقاڵی ئامادە کردنی سیدییەکی تایبەتین بە گرووپەکە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارەکانمان لە ساڵێك بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە، هەندێك ساڵ کارمان زۆر زۆرە و لە هەندێکیان کەمە.



# هاوسەری شارۆخ خان چۆن دەیپارێزێت

دوور لە هەموو پێشبینییەکان جوریی هاوسەری ئەستێرەی سینەمایی هیندستان شارۆخ خان لە دایکبوونی منداڵی سێیەمی خۆی و شارۆخ خانی ڕاگەیاند، ئەم هەواڵەش بووە هۆی ئەوەی رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ئەستێرەی سینەمایی هیندی بکرێت و زۆر لە نزیکەکانی تووشی سەرسوڕمان بوون و بە ئاشکرا رایانگەیاند کە شارۆخ خان پێویستی بە منداڵێکی دیکە نییە بەتایبەتی لەو کاتەدا. لە مانگی مایۆی ٢٠١٣ شارۆخ خان منداڵی دووەمی بوو، ئەمەش زیاتر بووە هۆی سەرسوڕمانی هەواداران و کەسە نزیکەکانی، چونکە لە ماوەی هێشتا ساڵێکی تەواو نەکردووە، بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی«Dailybhaskar» لە چەند سەرچاوەیەکی نزیکی شارۆخ خانی گواستۆتەوە کە جۆری دەیەوێ هەمان پلانی ڤیکتۆریا بێکهام پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی لە دەست نەدات و زیاتر پێوەی پابەند بێت و بیر لە کەسی تر نەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش جۆری لە جلوبەگ و تەنانەت لە بەکارهێنانی چاویلکەش لاسایی ڤیکتۆریا دەکاتەوە، راپۆرتەکە ئەوە دەخاتە روو کە ڤیکتۆریا سەرەتا حەزی کرد منداڵێکی هەبێت بۆ ئەوەی بێکهام زیاتر بەکاروباری خێزانییەوە سەرقاڵ بێت و هەمیشە بیر لە هاوسەر و منداڵەکەی بکاتەوە و پێدەچێت جۆریش هەمان سیاسەتی پەیڕەو کردووە راپۆرتەکە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئێستاش شارۆخ خان پەیوەندییەکی خۆشەویستی هەیە لەگەڵ ئەستێرەی سینەمایی هیندی بریانکا شۆپرا، بەڵام پەیوەندییەکە زۆر بە نهێنییە و جۆریش بە منداڵی زیاتر دەیەوێ بە هەر شێوەیەك بێت ئەم پەیوەندییە لەناو ببات و زیاتر هاوسەرەکەی بە منداڵەکانییەوە سەرقاڵ بکات.



# جیسیکا چێشتخانەیەکی تایبەت بە منداڵان دەکاتەوە

جیسیکا بیلی ئەستێرەی سینەمایی وەك زۆربەی ئەکتەرەکانی دیکە بیری لەوە کردۆتەوە جگە لە کاری نواندن و سینەما سەرچاوەیەکی دیکەی دارایی بۆ خۆی دابین بکات، چونکە هەندێك لە ئەستێرەکان لە بواری بازرگانی یان لە بواری خانووبەرە یان لە بەرهەم هێنانی فیلم یانیش لە بواری سیاسی کار دەکەن.
جیسیکا لەگەڵ جاستن تیمبرلانکی هاوسەری پلانیان داناوە بۆ دامەزراندنی چێشتخانەیەکی تایبەت بە منداڵان لە سانتا مۆنیکا و بڕیارە چێشتخانەکەش بە ناوی(Au Fudge) ناو بنێن، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چێشتخانە ئەوە دەبێت کە دایك و باوکان دەتوانن خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیان بۆخۆیان چێشت ئامادە بکەن هاوشێوەی ئەندامانی یانەی سۆهۆ هاوسی تایبەت کە لقی لە زۆربەی پایتەختەکانی جیهان هەیە وەك لەندەن و نیۆیۆرك وکالیفۆرنیا، لەم بارەیەوە رۆژنامەی نیۆیۆرك پۆست رایگەیاند کە چێشتخانەکە وەك سۆهۆ هاوسی منداڵان دەبێت و دەبێتە شوێنێك کە خەڵك تێیدا هەست بە حەسانەوە بکەن و منداڵەکانی خۆیان بهێنن و بەیەکەوە بۆخۆیان چێشت ئامادە بکەن، جیسیکا سەبارەت بە چێشتخانەکەی دەڵێ: شوێنێکی گونجاوم دۆزیوەتەوە و ئێستا خەریکی بەدەست هێنانی مۆڵەتی تایبەتیم بۆ دامەزراندنی و هەوڵ دەدەم تیمێکی تایبەت و شارەزا بۆ ئەوەی کاری تێدا بکەن، بەڵام پێش ئەوە پێشنیار دەنێرم بۆ ئەو کەسانەی بڕیاری مۆڵەتیان بە دەستە بۆ ئەوەی لەم کارە نوێیە یارمەتیم بدەن .



# سونگول
# جوانترین ئەکتەری تورکە

بەپێی راپرسیی یەکێك لە ماڵپەرە هونەرییەکانی رووسیا، خانمە ئەکتەری بەناوبانگی تورکیا سونگول ئۆدۆن کە ناسراوە بە (نور) نازناوی جوانترین ئەکتەری تورکی لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرانی ناوداری تورك بەدەست هێناوە.

ماڵپەری beauty-around.com. کە یەکێکە لە ماڵپەرە هونەرییە ناسراوەکانی رووسیا، راپرسییەکی تایبەتی لەنێوان خانمە ئەکتەرەکانی تورکدا سازکرد بۆ زانینی جوانترینیان بەپێی هەڵبژاردنی جەماوەر، ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەم راپرسییەدا سونگول پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لەنێو ژمارەیەکی زۆر رکابەری دیکە کە زۆریان ئەگەری بەدەست هێنانی پلەی یەکەمیان هەبوو، چونکە بەشداربووەکان لەرووی جەماوەری و جوانییەوە لە پێشەوەی سونگول دەهاتن و بەر لە راگەیاندنی ئەنجامی راپرسییەکەش پێشبینی بردنەوەیان بۆ دەکرا، لەوانە گرنگترینیان مەریەم ئوزلی کە بە سولتانە هویام ناسراوە کە لە پلەی دووەم هات و نورگول یشلیجای کە لەلایەن جەماوەر بە (یاسەمین) ناسراوە، کە ئەم دووانە لە گرنگترین پاڵێوراوەکانی بەدەستهێنانی پلەی یەکەم بوون.

لە راپرسییەکەدا جگە لەمانە هەر یەکە لە بیرجوزار کۆریلی ناسراو بە دادوەر فەریدە کە بە پلەی پێنجەم هات و تۆبا بۆکوستینی ناسراو بە لەمیس لە پلەی شەشەم هات، بەڵام نور فەتح ئۆگلۆی ناسراوە بە سولتانە (ناهد دۆران) لە پلەی حەوتەم هات و بیرن ساتی ناسراو بە فاتیما لە پلەی هەشتەم هات، پلەی کۆتاییش بەر خانمە ئەکتەر جانسۆ دیریی ناسراو بە فەیروز کەوت، ئەمەش دوور بوو لە پێشبینییەکانی جەماوەر کە لە نزیکەوە چاودێریی ئەنجامی راپرسییەکەیان دەکرد.